


نمنم تازە لە قوتابخانە گەڕابۆوە، هێشتا بەتەواوەتی پشووی نەدابوو، کتێبێکی دەرهێناو دەستی کرد بە خوێندنەوەی. سەرنجم دا ماوەیەکی زۆر هەر خەریکی یەك لاپەڕە بوو، ئەیخوێندەوە پاشان کتێبەکەی دادەخستەوەو لەبەرخۆیەوە ئەیوتەوە. هەستم کرد وانەکانی ئەمڕۆی زۆر گرانن، وتم با دەوری چۆڵ بێت. هەستام و چوم لە هەیوانەکە دانیشتم.

هێندەی نەبرد کاڵێ بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دای لە دەرگا، کە فەرمووم لێکرد هاتە ژوورەوەو چووە لای نمنم، گوێم لێبوو بە دەنگێکی نزم بە نمنمی وت: نازانم چیبکەم، دوو جارم خوێندەوە، تەنها نیوەی تێگەیشتم، ئیتر وازم لێهێنا. چی بکەم، کە قورس بێ چی لێبکەم؟

نمنم دەستیکرد بە پێکەنین و وتی: خۆزگەم بە خۆت، من چواتر جارم خوێندۆتەوە، ئنجا یە تۆزی تێگەیشتوم، بەڵام هەر وازی لێناهێنم. بڕیارم داوە تا هەمووی تێنەگەم کتێبەکە هەڵنەگرمەوە!

هێشتا نمنم قسەکەی تەواو نەکردبوو، کاڵێ بە خێرایی هاتە دەرەوە، کە گەیشتە ئاستی من، لێم پرسی: پێم بڵێ کاڵێ گیان، لەگەڵ خوێندنا چۆنی؟ بەبێ ئەوەی بوەستێ، هەر بەدەم ڕێگەوە، وەڵامی دامەوە: زۆر باشم داپیرە گیان. داوای لێبوردن ئەکەم، زۆرم پەلەیە. ئەمڕۆ وانەیەکی زۆر قورسمان هەیە، من و نمنم بڕیارمان داوە تا تێینەگەین، کتێبەکە هەڵنەگرینەوە.

سەرنوسەر

وێنەی بەرگ: سائیر بەدری

پەپوولە: گۆڤارێکی رۆشنبیری ـ پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. سەرنوسەر: یاسین قادر بەرزنجی. دەستەی نوسەران: ئەحمەد محەمەد، نەریمان عوسمان. بەشی هونەریی: مەریوان جەلال، سائیر بەدری. هەڵسوڕێنەری چاپ: ئەمیر بەکر قەساب، کارزان محەمەد رەمزی، فەرهاد ئەحمەد. سەرپەرشتی کۆمپیوتەر: ئالان عەلی، کارزان محەمەد نادر. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی (٢٠٠٠) دانە بڵاودەکرێتەوە. فەرزو مۆنتاژی کۆمپیوتەریی لە بەشی هونەری گۆڤارەکە دەکرێت و چاپکردنی لە ئۆفسێتی دڵێرە. نرخی (٣) دیناره. ناونیشان: کوردستان ـ سلێمانی ـ بیناى خاکTV. ژ.تەلەفۆن (٣١٢٤١٣٤) یان (٣١٣٠١٠٠).

*PAPOOLA*: MONTHLY CULTURAL & EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE. ***ISSUED BY***: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
No. 59-September, 2002. E-Mail: Ksc @ Ksc-Kcf.org & Internet: www.khakTV.net